# بەندی پێنجەم

# فەتوای زانایانی کۆن و هاوچەرخ دەربارەی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بونی پێغەمبەر ﷺ :

١- ئیمام أبو حفص تاج الدین الفاکهانی ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی (مەولود خوێندنەوە) دەفەرموێت: (هیچ بنچینەیەك نیە بۆ ئاهەنگ گێران بۆ ئەم لە دایك بوونە، نە لە قورئان و نە لە سوننەت، وە ئەم کردەوەیە نەگوازراوەتەوە لە هیچ زانایەك لە زانایانی ئەم ئوممەتە، کە ئەوان پێشەنگن لە دینداو دەست گرتوو بوون بە شوێنەواری زانایانی پێشوو، بەڵکو بیدعەیەکە بێ ئیشەکان دایانهێناوەو ئارەزوویەکی نەفسانیە........)[1].

٢- وە شێخی ئیسلام ابن تیمیه ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (هەندێك خەڵك دایان هێناوە، یا لاسایی کردنەوەی (نصاری)یە بۆ لە دایك بونی عیسی علیه السلام، یان بۆ بە گەورە دانان و خۆشەویستی پێغەمبەرە ﷺ، وە هەر کەسێك لە دایك بونی پێغەمبەر ﷺ بکات بە جەژن لەگەڵ ئەوەی کە خیلاف هەیە لە دیاری کردنی ڕۆژی لەدایك بوونیدا، ئەوە پێشینە چاکەکانمان (السلف الصالح) نەیان کردووە، وە ئەگەر خێرێك بوایەو شەرعیش ڕێگەی پێدابا ئەوە ئەوان واتە (هاوەڵان) ﷺ لە پێشتر بوون کە بیکەن لە ئێمە، وە ئەوان بە گەورە دانان و خۆشەویستیان بۆ پێغەمبەر ﷺ زیاتر بووە لە ئێمەو سورتریش بوون لەسەر خێرکردن، وە خۆش ویستن و بەگەورە دانانی؛ لە شوێن کەوتن و گوێ ڕایەڵی کردن و جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی و زیندوو کردنەوەی سوننەتەکانیەتی لە ڕوکاروو ناوەڕۆکداو بلاْوکردنەوەی ئاینەکەیەتی، وە تێکۆشانە لەو پێناوەدا بەدڵ و دەست و زمان، ئەوە ڕێگای پێشینی یەکەم بووە لە کۆچکردو و پشتیوانان و ئەوەی لەسەر ئیحسان و چاکە شوێنیان کەوتوون)[2].

---

[1] رسالة المورود في عمل المولود

[2] إقتضاء الصراط المستقيم

٣- شێخ محمد عبد السلام خضر الشقيري لە کتێبی (السنن والمبتدعات)دا دەڵێ: (ئاهەنگ گێڕان بەو بۆنەیەوە (لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ) داهێنراوو بیدعەیەکی خراپ و گومڕاییە، نە لەگەڵ شەرع و نە لەگەڵ عەقڵدا ناگونجێت، ئەگەر ئەوە خێری تێدا بوایە ئەوە چۆن (أبوبكر و عمر و عثمان و علي)و هەموو هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت و شوێن کەوتوان لێی بێ ئاگا دەبوون؟!

٤- ئیمام الشوکاني ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە بارەی ئاهەنگی لەدایك بوونی پێغەمبەر ﷺ دەڵێت: (هیچ بەڵگەیەکم دەست نەکەوتووە لەسەر دروست بوون و ڕێگە پێدانی، وە موسڵمانان کۆڕاو یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە (مەولود خوێندنەوە) بیدعەیە).

٥ - وە شێخ عبدالعزیز بن باز[3] - ڕەحمەتی خوای لێ بێت - دەفەرموێت: (دروست نیە ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ و هیچ کەسێکی تر، لەبەر ئەوەی ئەوە بیدعەو داهێنراوە لەدیندا، وە پێغەمبەر ﷺ نەیکردووە، وە جێ نشینە بەڕێزەکانی و جگە لەوانیش لە هاوەڵانی بەڕێزی ﷺ و شوێن کەوتوانی ئەوانیش لە سێ سەدە پیرۆزەکە ئەنجامیان نەداوە، وە ئەوان زاناترین کەس بوون بە سوننەت و تەواوترین خۆشەویستی و شوێن کەوتنیان هەبووە بۆ پێغەمبەر ﷺ، وە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو ردّ) واتە: (هەر کەسێك شتێك دابهێنێ لە دیندا و لە دینیش دا نەبێت ئەوە ڕەت دەکرێتەوە)، وە لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرموێت: (عليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين من بعدي تمسكوا بها وعضوا عليها بالنواجذ وإياكم ومحدثات الأمور فإن كل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة) واتە: (دەست بگرن بە سوننەتی من و سوننەتی جێ نشینە ڕێنمایی کراوەکانی دوای من و دەستیان پێوە بگرن، وە بە خرێیەکانتان بیانگرن، وە خۆتان بپارێزن لە کاری داهێنراو، لەبەر ئەوەی هەموو داهێنراوێك بیدعەیەو هەموو بیدعەیەك گومڕاییە). ئەم دوو فەرمودەیە هەڕەشەی توندی تێدایە لەسەر داهێنانی بیدعەو کار پێ کردنی. وە خوای گەورە دەفەرموێت:

---

[3] زانای شارەزاو فەقیهو فەرمودەناس و موفەسیری قورئان و زیندووکەرەوەی سوننەت و ڕوخێنەری بیدعەو بانگەوازکار بۆ ڕێبازی پێشینی چاك (السلف الصالح) و پێشەوای سەردەم شێخ عبدالعزیز بن عبدالله بن عبدالرحمن بن محمد بن عبدالله آل باز -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- لە ١٢/ذي الحجة/١٣٣٠ کۆچی لە دایك بووە، هەر لە منداڵیەوە قورئانی پیرۆزی لەبەر کردووە، وە لە تەمەنی (٢٠) ساڵیدا چاوەکانی لەدەست داوەو کوێر بووە.

وە شێخ ڕەحمەتی خوای لێ بێت چەندەها کتێب و بڵاوکراوەی هەیەو لە چەندەها بواردا ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە بانگەوازی کردن بۆ لای دینی خوای پەروەردگار، وەك بوارەکانی: نوسین و بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و ووتاردان و کۆڕگرتن و بەرنامە ڕادیۆییەکاندا.

وە شێخی پایە بەرز تا لە ژیاندابوو سەرپەرشتی و لێپرسراوێتی چەندەها پۆستی شەرعی کردووە، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر شارەزایی تەواوی شێخ لە زۆربەی بوارەکانی شەرعداو تواناو لێهاتووی ئەم زاناو پیاوە بەڕێزە لە بانگەوازی کردن بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام، تا لە کۆتاییدا بوو بە سەرۆکی دەستەی گەورە زانایانی سعودی (هيئة كبار العلماء) و لەو پۆستەدا مایەوە تا ئەو کاتەی کۆچی دوایی کرد.

ئەم زانا بەڕێزو خواناسە لە ڕۆژی هەینی ٢٨/محرم/١٤٢٠ی کۆچی بەرامبەر ١٤/مایس/١٩٩٩ی زایینی کۆچی دوایی کردو ماڵ ئاوایی لە ژیانی دونیا کرد.

﴿ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُوا۟ ﴾[4]، واتـە: (ئـەوەی پێغەمبـەر ﷺ بـۆی هێنـاون وەری بگـرن و ئەوەی لێشی قەدەغە کردوون وازی لێ بهێنن).

وە لە وەڵامی پرسیارێکدا (ئایا ئیسلام ڕێگەی داوە بە جەژنی لەدایك بوون (عيد الميلاد)؟

لە وەڵامدا دەڵێ: (..... خوای گەورە بۆی دانـەناوین بـە شـەرع جـەژنێك بـۆ لـە دایـك بـوون، نـە لـە دایـك بـوونی پێغەمبەر ﷺ نە جگە لەویش، بەڵکو بەڵگە لە قورئان و سوننەت هەیە لەسەر ئەوەی کە ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە (دایك بوون) لە بیدعەو داهێنراوەکانە لە دیندا، وە خۆ چواندنیشە بە دوژمنانی خـوای گـەورە لـە یـەهودو نـصاری و جگە لەوانیش، وە پێویستە لەسەر موسڵمانان واز لەوە بهێنن و لێی دوور بکەونەوە........).

٦- وە هەروەها زانای پایە بەرزو فەرموودە ناس شێخ محمد ناصرالدين الألباني ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (وتخصيص شهر ربيع الأول بقراءة قصة مولد النبي ﷺ؛ فكل هذا وأمثاله بدع ومنكرات يجب نبذها والنهي عنها)[5] واتە: (وە تایبەت کردنی مانگی ڕەبیعی یەکەم بە خوێندنەوەی چیرۆکی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ؛ هەموو ئەمانەو هاوشێوەکانیان بیدعەو کاری خراپن و پێویستە وازیان لێ بهێنرێت و نەهیان لێ بکرێت).

٧- پرسیار کرا لە زانای پایە بەرز شێخ (محمد بن صالح العثيمين) ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت دەربـارەی حـوکمی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بونی پێغەمبەر ﷺ، لە وەڵامدا فەرموی:

الحمدلله رب العالمين وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وأصحابه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين، وبعد:

ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بونی پێغەمبەر ﷺ نەکراوەو پەیدا نەبووە، تەنها لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا نەبێت، وە لەسەردەمی هاوەڵان و تەنانەت شوێن کەوتوانی ئەوانیشدا نەبوە.

## وە ئاهەنگ گێڕان بەو بۆنەیەوە پێویستی بە دوو شت هەیە:

**یەکەم**: جێگیر بونی، واتە: جێگیر بونی ڕۆژی لە دایك بونی پێغەمبەر ﷺ لە ڕووی مێژوییەوە، وە دیـارە لـە ڕووی مێژوییەوە جێگیر نەبووە کە پێغەمبەر ﷺ لە ١٢/ ڕەبیعـی یەکـەم لـە دایـك بوبێـت، وە مێژوناسـان جیـاوازی زۆریان هەیە لە دیاری کردنی ڕۆژی لە دایك بونی، هەندێك لە شارەزایان و گـەردون ناسـانی تـازە یـان کـەمێك پـێش ئێستا دەڵێن لە ٩/ڕەبیعی یەکەم لەدایك بوە نەك لە ١٢/ڕەبیعی یەکەم.

لەبەر ئەوانە دیاری کردنی ڕۆژی لە دایك بونی پێغەمبەر ﷺ لە ١٢/ڕەبیعی یەکەم جێگیرو دامەزراو نیە.

**دووەم**: گریمان ڕۆژێك دیاریکرا بۆ لە دایك بونی پێغەمبـەر ﷺ؛ ئایـا ئـەوە جێگیر دەبێـت لـە شـەرعدا، بـە شێوەیەك کـە وەك زیکـرو سـەڵاوەت لێدان وابێـت لەسـەر پێغەمبـەر ﷺ لـەو ڕۆژەدا؟! وە زۆر جـار لـە پـشتی ئـەو شتانەوە سـەدەقەو پێـشکەشکردنی شـیرینی، یـان تێکـەڵاو بـونی ژنـان و پیـاوان و خوێندنـەوەی هـۆنراوەی وا کـە زیادەڕەوی زۆری تێدایە لەسـەر پێغەمبـەر ﷺ، وەك باسـکراوە لـە هەنـدێکیان کـە سـروودی وای خوێندۆتـەوە کـە خاوەنەکەی دەڵێت:

يا أكرم الخلق ما لي من ألوذ به سواك عند حلول الحادث العمم
إن لم تكن آخذاً يوم المعاد يدي عفواً وإلا فقل يا زلة القدم
فإن من جودك الدنيا وضرَّتها ومن علومك علم اللوح والقلم

---

[4] الحشر/٧

[5] الثمر المصتطاب ج٢/٥٧٧ بقلم الشيخ محمد ناصرالدين الألباني.

واتە: (ئەی باشترینی خەڵكی كەس نیە جگە لە تۆ من پەنای پێ بگرم لە كاتی ڕوودانی كارەساتی گەورەدا، وە ئەگەر تۆ دەستم نەگری لە ڕۆژی قیامەتدا وە لێم نەبوری، ئەوە پێیەكانم دەخلیسكێن، وە لەبەخشندەیی تۆیە دنیاو ئەوەی كە تێیدایەتی، وە لە عیلم و زانیاری تۆیە عیلمی (لوح المحفوظ) و ئەوەی قەڵەمی قەدەر نوسیویەتی).

وە گومانی تێدا نیە كە ئەمە زیادەڕەوویە دەكرێت لەسەر پێغەمبەر ﷺ، كە نە خوای گەورە پێی ڕازیەو نە پێغەمبەری خوا ﷺ، وە جێگیربوون و شەرعی بوونی ئاهەنگ گێڕان بە لە دایك بونی پێغەمبەر ﷺ پێویستی بە بەڵگەو دەلیلی شەرعی هەیە؛ یان لە قورئانی پیرۆز یان لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، یان هاوەڵە بەڕێزەكان ﷺ ئەنجامیان دابێت، وە هیچ كام لەمانەش نیە، نە لە قورئان و نە لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ وە نە لە كارو كردەوەی هاوەلان ﷺ كە بەڵگە بن لەسەر ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بونی پێغەمبەر ﷺ، وە كاتێ پرسیار كرا لە پێغەمبەر ﷺ دەربارەی ڕۆژووی دووشەممە، فەرموی: (ذاك يوم ولدت فيه وبعثت فيه، أو أنزل عليَّ فيه)[6] ، واتە: (ئەوە ئەو ڕۆژەیە كە تێیدا لە دایك بووم و نێردراوم، یان لەو ڕۆژەدا قورئانم بەسەردا دابەزیوە).

وە ئەمەش بەڵگە نیە لەسەر ئاهەنگ گێڕان بە لە دایك بونی ﷺ لە مانگی ڕەبیعی یەكەمدا، بەڵكو بەڵگەیە لەسەر گەورەیی ڕۆژووی ئەم ڕۆژە (دووشەممە)، كە تێیدا لە دایك بوون و هاتنە خوارەوەی وەحی بووە، وە پاش ئەوەش ئەو ڕۆژەی تایبەت نەكرد بەشتێك جگە لە بەڕۆژوو بوون تێیدا. وە ئەگەر جێگیر نەبوو ئاهەنگ گێڕان بە لە دایك بوونی ﷺ نە لە قورئان و نە لە سوننەت و نە لە كردەوەی هاولان ﷺ ...... ئەو كاتە دەبێت بە بیدعە، وە پێغەمبەر ﷺ وریایی زۆری داوە لەسەر بیدعە، بە شێوەیەك كە لە ووتاكارەكانیدا بە ڕوون و ئاشكرایی دەردەكەوێت، وەك دەفەرموێت: (إن خير الحديث كتاب الله، وخير الهدي هدي محمد ﷺ، وشر الأمور محدثاتها، وكل بدعة ضلالة)، واتە: (باشترین ووتە كتابی خوای گەورەیە، وە باشترین ڕێنومایی ڕێنومایی محمدە ﷺ، وە خراپترین كردەوە داهێنان و بیدعەیە، وە هەموو بیدعەیەك گومڕاییە).

وە پێغەمبەر ﷺ زۆر بە ڕاشكاوی هەموو بیدعەیەكی (لە دیندا) بە گومڕایی ناو بردووە، وە هیچ شتێكی جیا نەكردۆتەوە لە بیدعە، وە ڕوون و ئاشكراشە كە مادام بیدعە گومڕاییە، كەواتە هیچ لە عەبد زیاد ناكات لە لای خوای پەروەردگار تەنها دووركەوتنەوە نەبێت، وە هیچ لەدینەكەی زیاد ناكات تەنها كەم كردن نەبێت. پاشان شێخ **محمد بن صالح العثمين** ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: ئینجا ئێمە دەڵێین: پاڵنەر چیە بۆ ئەو ئاهەنگ گێڕانە بە لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ؟ ئایا خۆشەویستیە بۆ پێغەمبەر ﷺ یان بە گەورە دانانیەتی؟ یان خۆچواندنە بە گاورەكان بەگومانی خۆیان كە ئاهەنگ دەگێڕن بە بۆنەی لە دایك بوونی عیسیعلیه السلام؟

ئەگەر پاڵنەرەكە، یەكەم یان دووەمیان بێت، واتە خۆشویستن و بەگەورە دانان، ئەوا والله ئێمە بە گەورە دانان و خۆشەویستیمان زۆرترو گەورەتر نیە بۆ پێغەمبەر ﷺ لە (أبوبكر و عمر و عثمان و علي)و جگە لەوانیش لە هاوەڵانی تر ﷺ، كە هیچ ئاهەنگیشیان نەگێڕاوە بە بۆنەی لە دایكبوونی ﷺ.

وە ئەگەر سێیەمیشیان بێت كە خۆچواندنە بە گاورەكان، ئەوا دروست نیە بۆ ئێمە كە عیبادەتێك ئەنجام بدەین بە شێوەی ئەوان؛ لەبەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (من تشبه بقوم فهو منهم).

---

[6] سبق تخريجه

دواتر بەو كەسە دەڵێین كە بیدعەی لە دایك بونی پێغەمبەر ﷺ ئەنجام دەدات: ئایا پێغەمبەر ﷺ دەیزانی كە پێویستە بۆ لەدایك بونی ئاهەنگ بگێڕێت؟ ئەگەر بڵێین: نەی دەزانی، ئەوا ئەو قسەیە ئەوە دەگەیەنێ كە پێغەمبەر ﷺ جاهیل و نەزان بووە بە بەشێك لە شەریعەتەكەی خوای گەورە، وە ئەگەر بڵێین: دەیزانی، ئەوا ئەو قسەیەیان ئەوە دەگەیەنێ كە پێغەمبەر ﷺ بەشێك لەشەریعەتەكەی خوای گەورەی شاردۆتەوە، لەبەر ئەوەی بەخەڵكی ڕانەگەیاندووە، وە ئەو دوو گومان و گریمانەیە، پێغەمبەر ﷺ پاك و بێگەردە لێیان، لەبەر ئەوەی شارەزاترین كەسە بە شەریعەتی خوای گەورەو لە پێش هەموو خەڵكەوەیە بۆ جێ بەجێ كردنی ئەم شەریعەتە، وە لە هەموو كەس سورتر بووە لەسەر هیدایەت و ڕێنومایی بەندەكانی خواو ڕاگەیاندنی ئەوەی كە خوای گەورە بۆی دابەزاندووە، وە لەگەڵ ئەوەشدا هیچ شتێك لە سوننەتی ئەودا نەهاتووە دەلیل بێت لەسەر دروستی ئاهەنگ گێڕان بۆ لە دایك بونی.

لێرەوە دەركەوت كە ئاهەنگ گێڕان هەڵەیە لە ڕووی مێژووییەوە كە ڕۆژی ١٢/ڕەبیعی یەكەم دیاری بكرێت، وە لە ڕووی شەرعیشەوە لەبەر ئەوەی بیدعەیە، نە خوای گەورە بە شەرعی داناوە، وە نە پێغەمبەر ﷺ وە نەخەلیفە ڕاشیدەكان و نە هاوەڵان و شوێن كەوتوانیان لەسەر چاكەو ئیحسان لە سەدەكانی یەكەم و دووەم و سێیەم ئەنجامیان نەداوە، وە ئەم وتەیەی ئیمام مالك زۆر جوانە كە فەرمویەتی: (إنه لايصلح آخر هذه الأمة إلا بما صلح به أولها)، واتە: (كۆتایی ئەم ئوممەتە چاك نابێت تەنها بەوە نەبێت كە یەكەمی ئەم ئوممەتە پێی چاك بوون).

- وە ئەگەر یەكێك بڵێت: من ئاهەنگ دەگێڕم بۆ ئەوەی خەڵكی منەتی خوایان بێتەوە یاد، ئەوا دەڵێین: خودی لە دایك بونەكە هیچ منەتێكی تێدا نیە، بەڵكو منەت لە ناردنی پێغەمبەر ﷺ و دابەزینی وەحی دایە، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَقَدۡ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ إِذۡ بَعَثَ فِيهِمۡ رَسُولٗا مِّنۡ أَنفُسِهِمۡ يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمۡ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَإِن كَانُواْ مِن قَبۡلُ لَفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ﴾[7]، واتە: (بە ڕاستی خوا منەتی لەسەر بڕواداران كردووە بەوەی كە لەخۆیان پێغەمبەرێكی بۆ ناردن كە ئایەتەكانی خوایان بەسەردا بخوێنێتەوەو پاكیان بكاتەوە لە شیرك و هاوەڵ دانان و قورئان و سوننەتیان فێر بكات، ئەگەر چی ئەوان لە پێشدا لە گومڕاییەكی ئاشكرادا بوون)، وە نەیفەرمو كاتێك پێغەمبەر ﷺ تێیدا لە دایك بوو!!!

---

7 آل عمران/١٦٤